خەونامەی کوردی

ئیبن سیرین

نابلسی

کەمیری

کەرکوک

سەید ئیبراهیم وەلیکۆلینەوەی

وەرگێڕانی و ڕێکخستنی بە پێی ئەلفبێی کوردی

ڕزگار کەریم

44226

٢٠٠٧ز

بڕوانامەی ١٠٠ کتێبی کوردی
٥٨

Preview sample - page 1 of 10 - Soran University Academic Digital Library

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

کتێب: خەونامەی کوردی

کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی : سەید ئیبراهیم

وەرگێڕان و ڕێکخستنی بە پێی ئەلفبێی کوردی : ڕزگار کەریم

ساڵی چاپ: ٢٠٠٧

ژمارەی سپاردن:

تیراژ:

لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیر لەسلێمانی

مافی لەچاپدانی ئەم پەرتووکە پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕۆشنبیر

Preview sample - page 2 of 10 - Soran University Academic Digital Library

بەناوی خودای بالآو مەزنەوە
پێشەکی (نابلسی)

سوپاس‌و ستایش بۆ خودای مەزنی پایەدارو درودوسلاوێش خوربڕێ بەسەرگیانی پاکی پێغەمبەرویارو یاوران‌و خانەوادەو شوێنکەوتوانی هەتا ڕۆژی قیامەت.

پاشان...

زانیاری خەو یەکێکە لەزانستە بەرزەکان‌و بەنرخ‌و گرنگبوە لەژیانی پێغەمبەراندا‌و بەبەشێك لەنیگایاندانا‌وە چونکە پێغەمبرایەتی بەسەرچوەو مژدەو دڵخۆشکردن ماوە کەلەخەودا خۆیدەبینێتەوە.

لەوسۆنگەیەوە کتێبێکم دانا بەپێی ئەلفبێی زوبانی عەرەبی هەتا بەئاسانی بەکاربهێنرێ‌و کتێبەکەشم ناونا (تعطير الأنام في تعبير المنام)‌و داواخوازم تۆیشوویەکبێت بۆم لەڕۆژی قیامەتدا ، سەرەتای کتێبەکەم بەم پێشەکییە زانستییە دەستپێکردوە ...

خوداوەند دەفەرموێ: ﴿لهم البشرى في الحياة الدنيا وفي الآخرة لا تبديل لكلمات الله ذلك هو الفوز العظيم﴾ (يونس:٦٤)

هەندێك لەڕاڤەکاران دەڵێن: مەبەستی خەوی باش‌و خۆشە ، مرۆڤ دەیبینێ یان نیشانیدەدرێ لەدنیاداو لەقیامەتیشدا بەدیکردنی ڕووخساری پەروەردگارە.

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: "ئەوەی بڕوای بەخەوی باش‌و خۆش نەبێت بڕواشی بەخوداو قیامەت نییە"*

خاتوو (عائشە) (ڕەزای خوای لێبێت)دەفەرموێت: سەرەتای نیگای پێغەمبەر(ﷺ)بەخەوی باش دەستپێکرد ، هەر خەوێکی دەبینی دەهاتەدی.

لەپێغەمبەری خوداوە (ﷺ)دەگێڕنەوە بە(ئەبوبەکری سدیق)ی فەرموە: "ئەی ئەبوبەکر لەخەودابینیم منو تۆ بەرزەبوونەوە دوو پلە لەپێش تۆوەبووم"(١) (ئەبوبەکر)یش (ڕەزای خوای لێبێت دەفەرموێ: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) خوداوەند روحت

---

* سەرچاوەی ئەم فەرموودەیە نەنووسراوە. (وەرگێڕ).

(١) (ئیبن سعد) لە (الطبقات) (١٣/٣)هێناوێتی.

Preview sample - page 3 of 10 - Soran University Academic Digital Library

دەکێشێ و منیش لەدوای تۆ دووسالێ نیو دەژیم ، هەروەها دەگێڕنەوە پێغەمبەر(ص)بە(ئەبوبەکر)ی فەرموە: "لەخەودا بینیم مەڕی ڕەش شوێنکەوتوە پاشان مەڕی سپیش دوای ڕەشکەوتوە" (ئەبوبەکر) دەفەرموێ: (عەڕەب) دوای تۆ دەکەون و (عەجەم)یش دوای (عەڕەب).

خوداوەند زانستی خەوی بەخشی بەحەزرەتی (یوسف) (سەلامی خوای لێبێت ـ و لەوبارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وكذلك يجتبيك ربك ويعلمك من تاويل الاحاديث﴾ (یوسف /٦) مەبەستی زانستی خەولێکدانەوەیە ، ئەم زانیارییەش یەکەم زانیاریە لەڕووی مێژوویەوە و بەڕێزترین زانیاریبوە لەسەردەمە جیاجیاکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا.

هەندێك لەبێبارەڕان هەڵدەستن بەپووچەڵکردنەوەی زانستی خەو لەوبارەیەوە دەڵێن: بینینی خەو لەچوار دیمەن بەدەر نییە: ئەگەر ڕەشی بینی ڕووداوەکان بەڕەشبینی دەبینێ و ناڕەزووبازە، ئەگەر ڕەنگی زەردی بینی ناگرو گڵۆپ و خوێن شتی زەرد دەوبینێ، ئەگەر تفو بەڵغەمی بینی ئاوو ڕەنگی سپی و شەپۆل دەبینێ، ئەگەر خوێنی بینی مەی و نامرازی مۆسیقی دەبینێ، ئەم گوفتارەش بەشێکە لەخەوو سەراپای زانستی خەوی تێدا کۆنابێتەوە، چونکە هەندێك لەو جۆرەخەوانە دەگەڕێتەوە بۆ وتەو قسەکانی نێودەروون و بەشێکیشی دەخرێتە پاڵ شەیتان، ئەو خەوەشی بەهەڵت و تێکەڵ ئاوزەدکراوە لەو گڕوگیاو سەوزەیەوە وەرگیراوە کەمرۆڤ لەزەوی گورزیدەکات و درێژوکورتی تێدایە یان ڕەنگی جۆراوجۆرو وشك و سەوز، هەر بۆیە خوداوەند دەفەرموێت: ﴿وخذ بيدك ضغثا فاضرب به ولا تحنث انا وجدناه صابرا نعم العبد انه اواب﴾ (ص:٤).

هەندێکدەڵێن: خەو سێبەشە:

١)خەوێك مژدەیە لەلایەن خوداوەو بەخەوی باش ئاوبراوەو فەرموودەی زۆری لەسەرهاتووە.

٢)خەوێك ناگادارییەو لەشیتانەوەیە، ئەم جۆرەش بەهەند ناگیرێ و بەتاڵە لەمبارەیەوە دەگێڕنەوە پیاوێك دێت بۆلای پێغەمبەری خوا(ﷺ)و دەڵێت: ئەی

Preview sample - page 4 of 10 - Soran University Academic Digital Library

پێغەمبەری خوا لەخەودا بینیم سەرم لێکرابووەوە دوایکەوتبووم " پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: " باسی یاریی پێکردنی شیتان مەکە لەخەودا" [٢].

٣)خەونێك قسەوگوتەی نێونیشانی مرۆڤ خۆیەتی وەك نەوەی مرۆڤ کەسێکی خۆشەویستی ببینێ یان بترسێ لەشتێك یاخود برسیبێتو خەو بەبرسێتییەوە ببینێ یان گەدەی پربێتو برشێتەوە یا لەبەر تیشکی خۆردات بخەوێتو پاشان ببینێ لەخەودا دەسووتێ، یان لەنەندامەکانی لاشەیدا ئێشو نازار هەبێتو ببینێ سزاو نەشکەنجەدەدرێت.

خەوی پووچو بەتاڵ (شەش) بەشە :

یەکەم//وتەی نێودەروون کەلەغەمو پەژارەوە هیواو نومێدو کاروباری تێکەڵو پێکەڵدا خۆی دەبینێتەوە.

دووەم//خەونێك خۆشۆردن بەپێویست بگێڕێو هیچ لێکدانەوەیەك هەڵنەگرێت.

سێیەم//ترساندن لەشیتانەوە یان گەورەکردنی حاڵوبارێك.

چوارەم//نەوەی جادووگەرانی مرۆڤو جنۆکە دەبینن.

پێنجەم//نەوەی شەیتان دەیهێنێت بەسەر مرۆڤدا.

شەشەم//بینینی ئێشو نازارێك یان نەخۆشیو باروحاڵێك بیست ساڵ یان ساڵانێکی دوورودرێژی بەسەرا تێپەڕبووبێت.

---

(٢) (نەحمەد) لە(مسند)ەکەیدا (٢٢٦٩١)لەڕێگەی(عەلی)ی کوڕی (یزید)و (هەیسەمی) لە (المجمع)دا(٥/١٨٠)هێناویەتیو دەڵێت: (نەحمەد هێناویەتی بەڵام (عەلی)ی کوڕی (یزید)ی تێدایە لاوازە بەڵام سەرجەم پیاوانی دیکە جێگەی متمانەن.

Preview sample - page 5 of 10 - Soran University Academic Digital Library

خەوی راستو دروستیش (پێنج)بەشە :

یەکەم//خەونکی راستی دیارو بەرچاو: بەشێکە لەپێغەمبەرایەتی بەپێی نایەتی: ﴿لقد صدق الله رسوله الرؤیا بالحق لتدخلن المسجد الحرام ان شاء الله﴾.(الفتح /٢٧)نمونەی ئەم خەونە پێغەمبەر(ﷺ) کاتێ بەرەو (حودەیبییە) بەرێکەوت لەخەودا بینی خۆی و یارانی چوونە نێو شاری (مەککە)ەوە بەدڵنیایی و بێترس و بیم، بەدەوری (بیت)دا سوورانەوە ناڕەحەکانیان سەربڕی و پاشان سەریان تاشی یان کورتیانکردەوە.

لەخەودا مژدەدرا بەپێغەمبەری خوا(ﷺ) لەلایەن پەروەردگارەوە.

هەروەها وەک خەونەکەی (ئیبراهیم) (سەلامی خوای لێبێت) کاتێ بینی جگەرگۆشەکەی سەردەبڕێت وەک خوداوەند لەقورئانی پیرۆزدا باسیکردوەو دەفەرموێت: ﴿یا بنی انی اری فی المنام انی اذبحک فانظر ماذا تری... ﴾ (الصافات /١٠٢).

دووەم//خەوی باش کەمژدەی لەلایەن خوداوەندەوە بۆ بەندەکانی هەڵگرتووە ، هەروەک خەوی ناخۆشیش سەرزەنشتی تێدایە لەلایەن پەروەردگارەوە بۆ بەندەکانی ، پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: "باشترین دیمەنی خەو ئەوەیە یەکێکتان خوداوەند یا پێغەمبەرەکەی یاخود باوک و دایکی موسوڵمانی بینێ" یارانیش پرسیان : ئەی پێغەمبەری خوا ئاخۆ کەس خوداوەند دەبینێت؟ فەرمووی: " دەستەلاتدار دەستەلاتدار خوداوەندی بالایە"

سێیەم//ئەو خەونەی فریشتەی خەوبینین نیشانی بەندەی دەدات ، دەگونجێت رووداوێکی هەڵگرتبێ بۆ خەوبینەر لەداهاتوودا بەدیبکات.

چوارەم//ئەو خەونەی بەڵگەونیشانەی تێدایە وەک ئەوەی مرۆڤێک ببینێ لەحەمامدا قورئانەخوێنێ یاخود سەمادەکات ئەوە لەکارێکی خراپ و ناقۆلادا ناوبانگدەردەکات چونکە حەمام شوێنی دەرخستنی عەورەتەو فریشتەکان ناچنە نێوی.

خەوی ژنێک لەخۆی مانگانەدابێ یان ئەوەی لەشیگرانبێ لەگەڵ بێبتاوەڕو ناگرپەرست گونجاوەو دەبینین (یوسف) (سەلامی خوای لێبێت) خەوی پادشایەکی بێباوەڕی ڕاڤەوکرد ، خەوی منداڵانیش گونجاوە چونکە (یوسف) (سەلامی خوای لێبێت) منداڵی حەوت ساڵانبوو خەونکی بینی و دروست و گونجاوبوو.

Preview sample - page 6 of 10 - Soran University Academic Digital Library

(دانیال) (سەلامی خوای لێبێت) دەڵێت: ئاوی فریشتەی بەرپرسی خەو(صدیقون)ەو فریشتەیەکی ئێجگار گەورەو مەزنە [٣].

هەروەها جیاوازی شوێنو جێگە رۆڵێکی تایبەتدەبینێ لەڕاڤەکردنی خەودا ، بۆیە ڕاڤەکارانیش ئاماژەیان بەو جیاوازییەداوە، لەم ڕوانگەیەوە ساردیو گەرماو باران و بەفر رۆڵی خۆیو لێکدانەوەی تایبەتیان هەیە لەخەودا ، بۆنموونە: ئەوەی لەوڵاتو شارێکی گەرمدا بەفربینێ بەڵگەیە لەسەر گرانیو بڵاوبوونەوەی قاتو قڕی، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوەبوو فراوانیو فەرەوپیتە.

*قوڕوچڵپاو بۆ خەڵکی (هند)مااڵو سامانەو بۆ خەڵکی شوێنانیتر بەڵاڵونەهامەتییە هەروەك چۆن باڵیبوونەوە لای ئەوان مژدەو شادییە بۆ خەڵکیتر قسەی ناقۆاڵیە.

ماسیش لەهەندێك وڵاتدا پیسیو گەندەڵییەو بۆ هەندێکی دی فرەهاوسەرییەو بۆ جوولەکە بەڵاڵ نەهامەتییە.

ئەگەر مەردوم خوازیاری خەونێکی راستو دروستبێت با راستگۆبێتو غەیبەت نەکاتو قسەهەڵنەبەستێ، ئەگەر خەوبینەر درۆزنبوو بەڵام ڕقی لەدرۆبوو کەسانیتر بۆیانەکرد خەوەکەی راستەبێت، ئەگەر درۆیکردو خەشمو قینی لەدرۆنەبووەوە خەونەکەی راست نییە.

واباشە مەردوم بەدەستنوێژەوە بنوێت، ئەگەر کەسێکی خۆپارێزنەبوو خەوی بینیو هیچ بیری نەمابوو بەهۆی خراپی نیەتو زۆری گوناهیەوە یان غەیبەتو قسەهەڵبەستن دەبێت ڕاڤەکاری خەو ئەگەر خەوی وایان بۆیگێڕایەوە بەزوبانێکی گەشبینانە وەاڵمی بداتەوەو بواری پێبدات خەوەکەی بگێڕێتەوە بۆیو دەبێت کەمرکوڕیان بشارێتەوە [٤].

هەندێك لەزانایان دەڵێن: دەبێت ڕاڤەکاری خەو کاتێ ڕاڤەی خەوەکات ڕەچاوی پلەوپایەو ناینو کاتو سەردەمو سااڵو ڕۆژو شەو بکات.

---

[٢] (نابلسی) ڕۆژەچێت لەباسی ئەو فریشتەیەداو زۆر باسیدەکات کەهیچ سەرچاوەیەکی زانستی نێدانییە بۆیە ئەو باسەم لابرد لەمیانەی پێشەکیەکەی نابلسی)دا. (وەرگێڕ)

[١] دوای ئەم دەقە(نابلسی) ڕەوشی ڕاڤەکاری خەو دەخاتەروو کەلەپێشەکی (ئیبن سیرین)دا ئاماژەیی پێکراوە بۆیە وەرمنەگێڕاوە. (وەرگێڕ)

Preview sample - page 7 of 10 - Soran University Academic Digital Library

کۆتایی پێشەکی (نابلسی)

لەم کۆتاییەدا بەپێویستمزانی هەندێك باس و خواس بخەمەروو کەلەپێشەکییەکەدا باسمەنەکردبوو..

کتێبەکەم لەسەرجەم پێشەوایانی ڕاڤەکار کۆکردوەتەوە[٥].

شایانی باسە لەم کتێبدا سوورودم لەسەرجەم(خەونامەکان)یان وەرگرت و بەدەگمەن لێدانەوەو ڕاڤەیەکم فەرامۆشکردبێ و نەوی تۆمارمکرد کورت وناسان بەکاردەهێنری[٦].

ڕاڤەکارانی خەو بەتان و پۆی مێژوودا

١)**پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێت)**: وەك(ئیبراهیم)و (یەعقوب)و (یوسف)و (دانیال)و (زولقەرنەین)و (محمد) (سەلامی خوایان لێبێت).

٢)**هەندێك لەیارانی پێغەمبەر** (ﷺ): وەك (ئەبوبەکر)و (عومەر)و (عوسمان)و (عەلی)و (عەبدوللای کوڕی عەباس)و عەبدوللای کوڕی عەمری کوڕی عاص)و (عەبدوللای کوڕی عومەر)و (عبدوللای کوڕی سەلام)و (ئەبی زەری غەفاری)و (ئەنەس)و (سەلمانی فارسی)و (حوزەیفەی یەمان)و خاتوو(عائیشە)و (ئەسمای) خوشکی(ڕەزای خوایان لێبێت).

٣)**ڕاڤەکاران لەتابعین**: (شوێنکەوتوانی یاران وەك (سەعیدی کوڕی مسیب)و (حەسەنی بەسری)و (شەعبی)و (زەهری)و (ئیبراهیمی نەخعی)و (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز)و (قەتادە)و (موجاهید)و (سەعیدی کوڕی جوبەیر)و (تاووس)و (سابتی بەنانی).

٤)**ڕاڤەکارانی خەو لەزانایان**: کەلەدواتی نەوان هاتووەن وەك (ئەبوسەور)و (ئەوزاعی)و (سوفیانی سەوری)و شافعی) (ئەبو یوسفی قازی)و (ئیبننەبی لەیلا)و (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل)و (عەبدوللای کوڕی موبارەك).

---

[٥] لێرەدا (نابلسی) ناوی چەندین زانای تۆمارکردوە کەسوودی لێوەرگرتبوون لەڕاڤەکارانی خەوو لەبەر نۆربیان تۆمارم نەکردن. (وەرگێڕ)

[٦] لێرە بەدواوە باس لەکاتی لێکدانەوەی خەودەکات کەلە پێشەکی (ئیبن سیرین)دا نامازەی پێکراوە . (وەرگێڕ).

Preview sample - page 8 of 10 - Soran University Academic Digital Library

٥)**راڤەکارانی خەو لەخواناسان (ڕەزای خوایان لێبێت)**: وەك (محمد)ی کوڕی (واسع)و (تەمیمی داری)و (شەقیقی بەڵخی)و (مالیکی کوڕی دینار)و (سلێمانی تەیمی)و (منسووری کوڕی عەمار)و (محمدی کوڕی سەمان)و (یەحیای کوڕی مەعاز)و (ئەحمەدی کوڕی حەربی).

٦)**راڤەکارانی خەو لەوانەی خاوەنی کتێب و نووسینن لەوبواردا**: وەك (محەمەدی کوڕ سیرین) و (ئیبرتاهیمی کوڕی عەبدوڵڵای کرمانی)و (عەبدوڵڵای کوڕی موسلیمی قوتەیبی)و ...

٧)**راڤەکارانی خەو لەفەیلەسوفەکان**: وەك(ئەفلاتون)و (مهرادیس)و (ئەرستاتالیس)و (بەتلیمۆس)و (یەعقوبی کوڕی ئیسحاقی کندی)و..

٨)**راڤەکارانی خەو لە پیزشکان**: وەك (جالینۆس)و (بقرات)و (بەختیشوع)و (ئەهزان)و (محمدی کوڕی زەکەریای رازی).

٩)**راڤەکارانی خەو لەجوولەکە**: وەك (حوێەی کوڕی ئەختەب)و (کەعبی کوڕی ئەشرەف)و (موسای کوڕی یەعقوب).

١٠)**راڤەکارانی خەو لەمەسیحیەکان**: وەك (حەنینی کوڕی ئیسحاقی وەرگێڕو ئەبو مەخلەدو (زەیدی تەبەری).

١١)**راڤەکارانی خەو لەناگرپەرستان**: وەك (هورمزی کوڕی ئەردشێر)و (بوزرجمهری کوڕی بەختکان)و (ئەنوشیروان) پادشای دادپەوەرە.

١٢)**راڤەکارانی خەو لە موشریکەکانی عەرەب**: وەك (ئەبوجەهل)و (عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی ئەوفەل)و (ئەبوتالیب)و (ئەبوعاصی).

١٣)**راڤەکارانی خەو لەکاهینەکان**: وەك(سەتیح)و (شەقیقی خەزەجی)و (عەوسەجە)و قەنامی)و (ئەبوزەرارە).

١٤)**راڤەکارانی جو لەجادووگەران**: وەك (عەبدوڵڵای کوڕی هیلال)و (قورتبوبی کوڕی زەیدی سەلی)و...

١٥)**راڤەکارانی خەو لەفیراسەداران**: وەك (سەعیدی کوڕی سینان)و (ئیناسی کوڕی موعاویە)و (جندەلی کوڕی مەحکەم)و (موعاویەی کوڕی کەلسوم).

Preview sample - page 9 of 10 - Soran University Academic Digital Library

بەم پێیە زانستی لێکدانەوەی خەو لێو پەلی زۆری لێبوەتەوەو لەبەشێکد
مۆڵناکرێ، ئەم پێشەکییە بەسە بۆ خاوەن ژیریو عاقڵو خوداوەندیش پەناوپشتگیو
هەموانەو سوپاسو ستایش بۆ خوداو سڵاوبارێ بەسەر گیانی پێغەمبەردا(ﷺ).
لەرۆژی (٥)شەمەی سالی ١٠٩٦کۆچی لەنووسینی ئەم کتێبە بوومەوە.

Preview sample - page 10 of 10 - Soran University Academic Digital Library